# شەونم

هۆنراوەی (3)

دل میرود زدستم صاحبدلان خدارا

دڵ دەردەچێ لە دەستم تۆخوا بڵێن بە یاران
حەیفێ کە ئاشکرا بوو رازی دڵم لە شاران
دانیشتوانی کەشتین ئەی بامرادە بشنە
تا ئەو چەلیش ببینین دیداری یاری جاران
بڕوانە دەوری گەردوون دوو رۆژە هاتن و چوون
داچێنە تۆوی چاکەی بیکە بەراو بە یاران
دوێ شەو لە نێوگوڵ و موڵ بە چریکە خوێندی بولبول
ئامادە کەن سەبووحی ئەی کۆڕی مەیگوساران
ئاوێنەیی سکەندەر جامێك شەرابی کۆنە
بیخۆوە تا ببینی هەرچی وڵاتی داران
ئەی خاوەنی کەرامەت شوکری لەشی سڵامەت
ئاوڕ بە خێر بە چەلچەل بۆ بێنەوا و هەژاران
ئاسوودەیی دوو دنیا مانایە لەو دوو پیتە
شایانی دۆست و دوژمن پێکهاتن و موداران
بۆ کووچەکانی چاکان رێگەی مەیان نەداوە
گەر تۆ پەسەندی ناکەی بیگۆڕە کار و باران
ئەو ئاوە تاڵە سۆفی نێوی خراپی لێ نێنا
شیرین و خۆشە بۆمە وەك ماچی گوڵعوزاران
وەختێکی تەنگدەستی خۆ باوێ کۆشی مەستی
چونکێ گەداش بی هەستی قاڕوون دەکەی بە پاران
لاڕێ مەبە لە دڵبەر چونکێ لە دەستی ئەودا
وەك مێوی نەرم و نۆڵن تاشەی پەنا پەساران
جوانانی فارسی وێژ لە نوێ تەمەن دەبەخشن
ساقی بەرە بەشارەت بۆ پیری تۆبەکاران
حافز مەگەر بە خۆی بوو خەرقەی بەمەی لە نوێژ چوو
ئەی شێخی تۆبە دادەر بڕوانە ئیختیاران
حافزی حەقیقی